نوری کەریم: ئەم کتێبە لە سالی 1859دا لە بەریتانیا بڵاوکرایەوە، لە هەلومەرجێکدا کە بیروبۆچوونی گشتی کەمەگای نێک هەر بەریتانیا بەکو زەریای سەرتاسەری جیهانش، بیروبۆچوونی ئایینیی ‘کتێبی پیرۆز’ بووە لەسەر چۆنیەتی پەیدابوونی مرۆڤ و زیندەوەران. بە نموونە، بەپێی ئەم جیهانبینییە ئایینییە، خوا پیاوی لە سەر وێنەی خۆی لە خۆڵ دروستکردووە و پاشان فووی کردووە بە کونەلووتیدا و ڕۆحی بەبەردا هاتووە. پاشان کە ئەم پیاوە لە خودا بووە، پەراسوویێکی دەرهێناوە و ئافرەتێکی لەدروستکردووە، بەئەوەی ئەم پیاوە بتوانیا نەبێت. داروین لەبەرامبەردا جیهانبینییەکی تەواو جیاوازی هێنایە کایەوە لەسەر پەیدابوونی زیندەوەران، کە هیچ جۆگەیێکی بە بوونی خوا نەهێشتەوە. تائیمڕۆ هەر دەستکەوتێکی زانستی لە مەیدانی زیندەزانیدا هاتبێتە کایەوە، بەچوونکەی داروینی سەلماندووە. تائیمڕۆش کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو جیهانبینییە بەردەوامە، لەناو گەلێک لە کەمەگاکاندا شەوازێکی خوێناوی بە خۆیەوە گرتووە.

پرسیار: ئایا بە ناکرێت بیروبۆچوونی ئایینی لەگەڵ داروینزم وەکو بیردۆزێکی زانستی، پێکەوە هەبێکن؟

نوری کەریم: نێک هەر پێکەوە هەناکن، بەکو تەواو بەدژی یەکترین. دوو جیهانبینیی جیاوازن، لە یەکەم بەردی بناغەوە. تەواوی بیروبۆچوونی ئایینی، کەمەگای بانگەشەی بەبەگەی چەقبەستوون، هیچ لەکدانەوەیێک هەناگرن. خوا یەکە نابێت بە دوو؛ خوا تەواوی سروشتی لە شەش ڕۆژدا درووستکردووە؛ بۆچی؟ وەڵام نییە؛ یان ئەوەتا باوەڕت پێیەتی یان نێ. بەڵام بیرباوەڕی

زانستی لەسەر هەر دیاردەیەک، شتەکی نوگرەی نییە. لەسەر هەر شتەکی سروشتی، زانیاری تەواو و کۆتایی نییە. یەک زاید دوو، هەر مەرج نییە دوبەت بکاتە سێ. ئیمە مرۆڤ لە پێتاندنی هێلکە بە تەماوەوە لە منداڵدانی ئافرەتدا دروستدەبێت، دکرێت سبەینێ لە تاقیگەدا دروستبکرێت. چارلز داروین دەیزانی جیهانبینییەکەی تەواو دژی بیروبۆچوونی زاڵی کەمەگایە، لەی ڕۆشن بوو کە چ کفرێکی گەورە دەکات و ئامادە بوو لەپێناوی بەرزڕاگرتنی ڕاستیدا، باجەکەی بدات. بۆیە بە ماوەی شەش حەوت ساڵ دەستی ڕاگرت لە چاپکردنی کتێبەکەی. کاتێکیش کە بڕیاری کردەوە، لە هەموو 'ناز و نیعمەت'ێکی دەرباری پاشایەتی بەریتانیا بەبەش کرا، کە لەو کاتەدا نوێنەرایەتی سیاسی کۆسای دەکرد و دەسەڵاتی تەواوی بەدەستەوە بوو. تا لەم ساڵانەی دواییدا، دەرباری پاشایەتی ئەم پێگە ڕۆشەی بە ناوچەوانی خۆیەوە کاڵ کردەوە و لە مەراسیمێکی گەورەدا، ئەو ڕێزلێنانەی کە شایەنی زانایێکی وەها مەزنە، بۆی گێڕاندەوە و بەڕەسمی داوای لێبوردنی لە نەوەکانی داروین کرد.

پرسیار : چۆن بوو وا ئەم کتێبەت هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان؟

نوری کەریم: منیش وەکو یەکێک لە خوێنەرانی ئەو کتێبە، بەهەی ئەو بۆچوونانە زانستییەی کە هەیەتی، هەمیشە ئەو خەیاڵەم لەسەردا بووە، کە بیکەم بە کوردی. بەڵام کاتێک کە کتێبە بەناوبانگەکەی زانای زیندەزانی ڤیچارد دواکینزم بەناوی 'وەهمەک'، وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، کە ڕۆخنەیەکی کەمەرشکێنە لە بیربۆچوونی ئایینی لە گۆشەنیگای داروینزمەوە، ئەم خەیاڵەمی دەمەزرد کردەوە و ئیتر لەوە زێتر نەمدەتوانی وەرگێڕانی دوابخەم.

پرسیار : گەلێک هەوێیان دا ئەم کتێبە وەرگێڕێ سەر زمانی کوردی، بەڵام بۆئاکام بوون. ئەم تواناییەی تۆ لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت؟

نوری کەریم: بۆ گەلێک هەوێیان دا و گەلێکیان بۆ ئاواتەوە سەریانناینەوە. جۆگەی داخ بە ئەوانە و مایەی خۆشحاڵییە بە من، کە دەتوانم ئەو ئاواتە بهێنمەدی. وەرگێڕانی کتێبێکی وەها زانستی، بەتایبەتی بە سەر زمانی کوردی، لە توانایی کەسی ئەو ڕۆشنبیرانەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان بەدەر بووە، بەڵام بە من هەلومەرجێک تەواو جیاوازە و ئەمش هەشتا بۆاتای ئەوە نایەت کە کارێکی ئاسانە. 'ڕۆچەڵکی چۆمسکی' یانزەهەمین کتێبە کە خەریکم وەریدەگێمە سەر زمانی کوردی. تاکو ئێستا نۆ کتێبم لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە و یەک کتێبیشم لە زمانی سویدییەوە، کە

بەشکیان کتێبی زانستی بوون، بەتایبەتی ئەوەی ڕیچارد داوکینز، کە بەهای زانستی و ئاستی زمانە ئینگلیزییەکەی، ئاگار لە کتێبەکەی داروین زۆر زۆتر نەبێت بەدڵنیاییەوە کەمتر نییە. ئەم کارانە بە من هەمووی ئەزموونگەلێکی وەرگێڕانی گەورەن. هەروەها زمانی ئینگلیزییەکەی داروین، کە کتێبەکەی پێنووسیوە، زمانی ئینگلیزی ڤیکتۆریانییە، زمانی نووسینی تێزێکی دەرباری باڵای کەمێگای ئۆکسفۆردە، کە لاگەڵ زمانی ئینگلیزی ئێستادا جیاوازی زۆر هەیە، هەتا بە ئینگلیزیزمانێک ئاسان نییە. ئینجا بە وەرگێڕانیشی پەیوەستی بە تێگەیشتنێکی تەواو هەیە، لەم پەیوەندەدا زانینی زمانێکی ئەوروپی تر، کە هەموو بوارەکانی زانستی پێنووسراوە، پێویستییەکە کە ناکرێت چاوی لێبپۆشرێت. من زمانی سویدی دەزانم، ئەمە یارمەتیدەرێکی لێبننەهاتووە بە تێگەیشتنی تێکستە هەرە سەختەکانی ئەو کتێبە.

پرسیار: گرفتی وەرگێڕانی کتێبێکی وەها زانستی بە سەر زمانی کوردی لە چیدا دەبینیتەوە؟

نوری کەریم: زۆتر لە 155 ساڵ بەسەر دەرچوونی ‘ڕەچەڵەکی چۆشن’دا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا هەر زۆر زووە بە زمانی کوردی کە بتوانێت خێی لە قەرەی وەرگێڕانی کتێبێکی وەها بدات. وەرگێڕان لە زمانێکەوە بە زمانێکی تر، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەواتای بەراوردکردنی دوو زمانەکەیە، بەڵام دوو شت شایانی بەراوردکردنن کە لەیەکەوە نزیک بن. بەداخەوە کە دەچیتە پای وەرگێڕانی کتێبێکی وەها زانستی، ئەوسا بەتەواوی دەزانیت، کە زمانی کوردی چەند بەخاوەنە، چەند لە کاروانی پێشکەوتنی زانستی لەدوایە، هەتا ئەوەشی کە بەی کراوە زۆر پێ کەموکورتین. بە نموونە، تەواوی ئەو فەرهەنگانەی کە بە بوارە زانستییەکان نووسراون و بە چاپ گەیەنراون، دەکرێت تا ئاستێکی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی وەئامدەرەوە بێت، بەڵام زۆر ئاستەم بە پشتبەستن بەم فرهەنگانە دەستبدەیتە وەرگێڕانی کتێبێکی وەها زانستی. گرفتێکە لەوە دایە، کە زمانی کوردی نەکراوە بە زمانێکی زانستی، لە کەمێگاکەماندا هیچ هەوێک بەدی ناکرێت، کە ڕێژەک لە ڕێژان زانست جەماوەری بکرێتەوە، تا هەموو کەس بتوانێت لە هەر بوارێکی زانستیدا، ئەوەی هەیە بە زمانی کوردی بیخوێنێتەوە.
ئەوەندەی دەگمەنەوە بە باری زاراوەزانی وەرگێڕانی ئەم کتێبە، هەوڵدەدەم لە ڕێگای وشەداهێنان بە زاراوە بناغەییەکان و پڕاوزنووسینەوە، واتاکان بگەیەنم. ئەوەندەی دەگمەنەوە بە ناوی

ئەو هووک و ئاژەڵانەی کە بە ئەمە ناشناسان، کە زۆربەیان دڵگرتوە، بە ئینگلیز و عەرەبیش نووسیمن، بۆئەوەی ئاگەر خوێنەر ویستی، بەدوایاندا بگەڕێت. ئاگەر ئەم کارانە نەکەم، دەبێت دەست لە وەرگێڕانی هەڵگرم. بەهیچ نییە، زمانی کوردی لەو زمانە هەرە دەگمەنانەیە کە تاکو ئێستا ئەم کتێبەی بە وەرنەگێڕاوە.

پرسیار: گەورەترین ئاستەنگی وەرگێڕانی کتێب تا دەگات بە دەستی خوێنەر بەشێوەیەکی گشتی لە چیدایە؟

نوری کەریم: بەپێی ئەزمونی ئەو کتێبانەی کە وەرمگێڕاون و بە چاپم گەیاندون، گەورەترین ئاستەنگ بەمەیلی دامودەزگا پەیوەندیدارە حوکمیەکانە بەرامبەر بە کاری وەشنبیری. دەچیت بە لای هەر دامودەزگایەک، چ حکومی بێت یان ناحکومی، وەنووسکی زمانی کوردی تایبەت بە خێی هەیە. زێتر لە سەدە و نیوێک بەسەر وەژەی مۆژوویی بیست و پێنجی تشرینی دووەمی ساڵی 1859دا تێدەپەڕێت، ئەو وەژەی کە لە کازیوەی بەرەبیاندا ‘وەچەکی چەشن’یان بە سەر کتێبفرۆشکانی شاری لەندەندا دابەش کرد و بە ئەوارکەی یەک دانەی لێنەمایەوە. وەشنبیران و خوێنەکی وەئامکی ددانشکێنیان دایەوە بە دەرباری بنەماڵەی دەسەڵاتدار. لەپاش یەک سەدە و نیو، لەو دەچێت هەشتا هەر زەر زوو بێت، ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێت لە وەشنبیرانمان کە ئەوەندە وەشنبیر بن و لە خەڵکەکەمان کە ئەوەندە تینوی زانست بن. ئەم ئاستەنگە ئاستەنگکی کوشندەیە، هوو لە هەر کەمەگایەک بکات، بەرەو داماتی دەبات.

کتێبێک بە پێشوازیکردن لە ژاک لاکان … هێندرێن

ناساندنی تیۆریی دەروونشیکاریی لاکان بە خوێنەری نائاشنای کورد بە بەرهەم و پاشخانی هەزری ئەو، کارێکی ئاسان نییە، چونکە وەک دەزانرێت، هەشتا لە ناوەندی رەشنبیریی و ئەکادیمیی کوردستاندا نزیک هەر بەرهەمکانی لاکان خێی نائاشنان، بەڵکە پاشخانی ئەو رەژگارە کولتووریی فەرەنسا و رەژاواش کە لاکان و دەروونشیکاریی

تێیدا سەریانهەدا، بە پووختی بە زمانی کوردیی نەخوێنراوەتەوە.

کاتێک لە حەفتایەکانی سەتەی رابردوو لە زانستگەدا بابەتکانی وەک مێژووی ئەدەب و مێژووی هونەر کران بە زانستی ئەدەب و زانستی هونەر، بابەتی تیەریش بایەخدارتر بوو. هەروەک لە حەفتایەکانیشدا مارکسیزم وەک تیەرییەکی باڵا سەیر دەکرا. لە هەشتایەکانیشدا کە مارکسیزم وەک تیەرییەکی بەسەرچوو دەبینرا، دەروونشیکاریی وەک تیەرییەکی سەرنجاکێش ئەو بوارە چۆڵەی مارکسیزمی گرتەوە. بەمجۆرە لە پاڵ فرەیددا ژاک لاکان بوو بە بایەخدارترین سەرچاوەی تیەریی.
بە هەمەنبووونی روانگەکانی لاکان لەو دەخەدا، بە پێوەندی لاکان بە بونیادخوازیی و لیوس ئالتسەری مارکسیی و کلاود لیڤی شتراوسەوە هەبووە. هاوکاتیش دەروونشیکاری، بە رەگەی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە، جۆرە مەدڵەکی لە مارکسیزم و دەروونشیکاری دروستکرد. لاکان سێ لایەنی باشی هەبوو: خوێندنەوەی نووسینەکانی سەخت بوون، بایە خوێندنەوەی بابەتکانی ڕەشنبیرییەکی باشی گەرەک بوو. جێختکردنەوەی ئەو لەسەر زمان و بایەخی سیمبوول، کە دیارە ئەمەش بە ڕووناکبیران جۆگەی سەرنج بوو. دواجاریش تێزەکانی ئەو هەدی هەدی بوو بە دەروازەیەک بە چەمکی "مەیل"، "ئەویتر" و ... تاد، کە پاشان ئەو چەمکانە لای فەیلەسووفانی فەڕانسیی وەک ژیل دەلوز، لیەتار و ... ئەوانی دیکە، بوون بە سەرچاوەی تیەرییەکانیان.

هەبەت ژاک لاکان ئەو دەروونناسەیە کە هەگری گەلێک خوێندنەوەی تیەرییە، بەڵام ئەوەی جۆگەی سەرنجە، ئەو شێوازە زمانییەی لاکانە لە تێگەیشتنی جیهان. لاکان وەک زمانێک لە جیهان دەپێڤێت. بە ڕای لاکان، ئەمە هەر لەگەڵ لە لەدایکبوونماندا، لەناو ڕاڕەوی زماندا جێنشینین، ئەمەش مانای وایە کە ئەوە ئەمە نین کە زمان دادەهێنین، بەڵکە ئەوە زمانە ئەمە دادەهێنێت.
وەک لاکان دەیگوت، مرۆڤ وا دەزانێت کە ئەمە خەمان فێری ئاخافتن دەکەین و بیاریش لەسەر ئەوە دەدەین کە چۆن قسە بکەین و چیش بڵێین. لە ڕاستییەکەی ئەوە زمانە کە ڕێنیشاندەرەی بەها، هزر و نەریتەکانمان دەکات، کە ئەمەش بە گوێرەی ئەو دەخەی کە تێیدا لە دایکبووین، لەگەڵ خەماندا دەیانهێنێنە ژیانمانەوە.

تێگەیشتنی ئەو بە زمان بەوە دەناسرێتەوە کە "نائاگایی وەک زمان بونیاتنراوە".

بایە لاکان هەمیشە بڕوا زمان دەگێڕێتەوە. وەک دەروونشیکارێک هەمیشە چەمکی ئەوانیدیکەی وەردەگرت و مانای خێیشی بەو چەمکانە

دەبەخشی.
کاتێک لاکان لە ئەمریکادا سەمینارێکی هاوبەشی لەگەڵ نوام چۆمسکی پێشکەش کرد، لەوێدا لاکان گوتی، من بە مەشکم بیرم نەکردەوە، بەڵکە بە پێیەکانم، کە ئەو قسەیەی لاکان وای لە ئەمریکییەکان کرد کە وەک شت سەیری بکەن.
خوێنەر دەتوانێت ئەو دیدەی لاکان بە زمان لە بەشێکی ئەم کتێبەدا بخوێنێتەوە، کە لەوێدا لاکان بە رێگەی سەسێر، یاکۆبسۆن، بونیادخوازیی، "نامەی دزراوی" ئالان پۆ و ... تاد، بە وردی ئەو تێگەیشتنەی خۆی بە زمان شیدەکاتەوە.
لاکان، وەک هەر نووسەر و رووناکبیرێکانی تری فەڕەنسیی، کاتێک لە پاریس لە حەفتایەکاندا سەمینارەکانی پێشکەش دەکرد، هەموو چین و توێژەکان، لە خوێندکارەوە بیگرە تا دەگاتە رووناکبیرە ناسراوە فەڕەنسییەکان، گوێیان بە دەگرت.
بەمجۆرە لاکان بە رێگەی ئەو سەمینارە ناسراوانەوە ناوەندی رێشنبیریی فەڕەنسیی تەنییەوە، دواجار توانی زۆرێک لە رووناکبیرەکانی پاریس لە دەوری خۆیەوە کۆبکاتەوە، بەمەش تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆی لە دەروونشیکاریی کە بە "ئەبژەی نەردراو" ناودەکرد، بسازێنێت.
تێرییەکانی لاکان هەڵگری جۆرێک لە بزاوی، شیعریی و هاوکاتیش لاساریین ، بۆیە تێگەیشتن لێیان ئاسان نییە.

لاکان هەر تەنێ نووسەر و دەروونناسێکی ناسراوی شەست و حەفتایەکانی فەڕەنسیی نەبوو، بەڵکە لە نەخۆشخانەی دەروونیی " Sainte Anne"، دکتۆرێکی دروونشیکاریش بوو.
هەر بۆیە ڕەنگە بە هەی ئاڵۆزی زمانەکۆیەوە بێت، کە لاکان دوای ماوەیەکی زۆر توانی لە دەروەی فەڕەنسادا ناسراو بێت، بەڵام لە هەشتا و نەوەتەکانی سەتەی بیستدا بوو بە جێگەی سەرنجی رووناکبیرانی ڕۆژئاوا. بەمجۆرە زوو لە ناوەندی رووناکبیراندا کاریگەری سازاند. ئەوەتا لە کوردستاندا لاکان نێک هەر لە بەشی دەروونناسی زانستگەکاندا ناخوێنرێت، بەڵکە قوتابیانی دەروونناسیش تاک و تەرا نەبێت ناینناسن، بەڵام لەو یەک دوو ساڵەدا تەنێ چەند نووسەرێکی کورد نەبە قسەیان لەسەر کردووە، ئەو چەند نووسەر و خوێنەرەش ڕاستەخۆ لاکانیان نەناسی، بەڵکە بە هەی کاریگەری فەیلەسووفی بەلکانی، ژیژاک بوو.

هەر بۆیە لەرەو ئەوم کاری غەریبە حوسێن، کە دەرچووی بەشی دەروونناسی زانستگەی سەرانە، جێگەی دەست خۆشییە.

ئەو کتێبە وەرگێڕاوەی خاتووە غەریبە، وەک دەروازەیەکی بەسوود بۆ تێگەیشتن لە دەروونناسیی لاکان، دەکرێت ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ نووسەر و دەروونناسانی کورد.
وەرگێڕانە هەی ئەوەی هەم دەرچووی دەروونناسین و هەمیش بە زانینەوە کاری لەگەڵ ئەم کتێبەدا کردووە، بۆیە وەک ئەوەی زمانێکی ڕوون و چاکی وەرگێڕانەکە، پڕاوپڕ و ڕوونکردنەوەی چەمک و ناوکانانی ناو کتێبەکەش، هاوکارییەکی باشی زمانی ئامێزی تیۆرییەکانی لاکانی کردووە کە خوێنەر بتوانێت، وەک ئەوەی تێگەیشتن لە جیهانی لاکان، چێژ لە ئامێزییەکانیش وەربگرێت.

عوزێر، وەهاب نیە، عەزیز ! مستەفا، هاشم نیە، فەرج ... عومەر محەمەد

ستکردنەوەیەک دەربارەی شێواندنی ناوی دەربازبوانی کەمەکوژی ئینفال

لەکتێبەکەیدا جینەسایدی گەلی کورد(پشکنین، ئامارو زانیاری، دیکۆمێنت) تەها سلێمان کەوتووەتە هەڵەی زەق، ئەم کورتە نوسینەم , تەنها ڕاستکردنەوەی ئەو بەشەی کتێبەکەیەتی .
گەڕانەوە لە گەڵ بەکەمەڵەکانەوە، تایبەتی پێشکی و دەروازەی ئەو بەشەیە، کە بە دەربازبوانی گەڵی بەکەمەڵە نوسیوەتی، بەڵام چۆن پێشکی و نوسینێک ؟! نێک هەر دەسکانیان بەڵکو ناوکانیشیانی شێواندووە هەمووانی تێکەڵ کردوون، ناوی خوازراوی ئەم دەربازبووی بردووە بۆ ئەو دەربازبوو، ناوی باوکی دەربازبووەیەکی کردووەتە ناوی دەربازبووەکە، ناوی ڕاستەقینەی دەربازبووەیەکی کردووەتە ناوی خوازراوی دەربازبووەیەکی تر، ناوی دوانیانی هەر نەبردووەو فەرامێشی کردوون .



زۆرقترین هەڵکانی بریتین لەمانەی خوارەوە :

1. عوزێر ناوی ڕاستەقینەی (عەزیز وەهاب محەمەد سەلمان)ە بەڵام لە کتێبەکەی مەدیل ئەست چدا، یوست هەڵتەرمان لەبەر سەلامەتی و ئاسایشی ژیانی، بەسەرهاتەکەی بە ناوی خوازراو باوکراوەتەوە و ناوی (عوزێر) بە داناوە. بەیە لەکتێبەکەیاندا (جینەساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بەسەرکورد) ئاوا نوسراوە (بەسەرهاتی عوزێر). عارف قوربانیش بەهەمان ناو دیدارەکەی لەگەڵ عوزێردا کردووەو لەکتێبەکدا چاپ و باوی کردووەتەوە. بەخشم هەرچیم لەبارەوە نوسیبێ هەربەناوی (عوزێر) ناویم هێناوەو لەبەر ئەوە ناوی ڕاستەقینەیم فەرامۆش کردووە. لەمڕۆ (عوزێر) بووەتە ناوێکی سومبلی و ناسراوی ناوکەمەگەی کوردی، بەیە هیچ نەوا نیە کەسانێک لەبارەی ئەنفالەوە بنوسن و ناوی کەسایەتیە ڕەمزییەکانی دەسەی ئەنفال نەناسن، یان لەبارەیانەوە بنوسن و نێک دەسکانیان بەکو ناویان تێکەڵ بکەن و لێکیان جیا نەکەنەوە، کەچی بەداخەوە کاک تەها سلێمان، ناوی ڕەمزی و ڕاستەقینەی عوزێری فەرامۆش کردووەو بە (وەهاب) ناوی هێناوە، ئاخر سەلامەت بیت (وەهاب) ناوی باوکەتی نێک هی خۆی ! بەو شێوەیە سەردێری بەسەرهاتەکەی کردووە بە (وەهاب محەمەد سلێمان) (عوزێر) . یەکێک شارەزا نەبێت عوزێرو وەهابی بەلێک جیاناکرێتەوە .

2. محەمە عەلی ئەحمەد ناسراوە بەحەمە عەلی عالیان، لە کتێبەکەی میدە ئەست چدا لەبەر سەلامەتی ژیانی ناوی (محەمەد) بە داناوە (بەسەرهاتی محەمەد) بەش بەحاڵی خۆم هەمیشە بەناوی حەمە عەلی

عالیان لەبارەوە نوسیومە . کەچی کاک تەها شەواندویەتی و ناوی (هاشم) بەناوی خوازراوی حەمە عەلی عالیان زانیوە. ئەم بەدحالی بوونە لەکاتێکدایە کە (هاشم) ناوی ئاستەقینەی خۆیەتی نەک خوازراو! سەیر لەوەدایە (هاشم محەمەد رەشید) دەربازبوی کەمەکوژی گوندی کورەمە یە و لەکتێبەکەی میدل ئیست ئیچدا هەر باس نەکراوە، نەبە ناوی خوازراو نەبە ناوی راستی خۆی ناوی نەهاتووە.
3. فەرەج محەمەد یاخود فەرەجی تەپخانە لە کتێبەکەی مەدە ئیست ئیچدا بە (مستەفا) ناوی هاتووە، کەچی کاک تەها سەلمان هەستی پێنەکردووە، بۆیە ناوە خوازراوەکەی بە دانەناوە.
4. هاشم محەمەد رەشید (مستەفا) نیە بەڵکو ناوی ئاستەقینەی خۆیەتی (هاشم محەمەد ڕەشید) منیش دیدارەکەم لەگەڵ هاشمدا لەکتێبەکدا بەناوی (هاشم) بەکاردووەتەوە، بەکاک تەهای بەرێز دەڵێم مستەفا کاک فەرەج. کە ناسراوە بەفەرەجی تەپخانە.
5. ئەنوەر تەیارە لە دایکبوی (١٩٥٤)ە نەک ١٩٤٥، ناوی گوندەکەشی چەم سورخاوە نەک (چەمی سورخای) .

ئەمانە کەمێک هەڵەی زەقن لەو بەشەی کتێبەکەیدا کە پەمباش بوو ئاستیان بکەموە، سەیر لەوەدایە کەی ئەم زانیارییانەی لەژمارە (٨)ی گەڤاری ئەنفالستان وەرگرتووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات، وتا لاپەرە (٨٥ هەتا ١٠٦) کە دەکاتە (٢٠) لاپەڕەی کتێبەکەی هەمووی لە گەڤاری ئەنفالستان وەرگیراوە کە بە دەربازبوانی گەڕە بکەمەکانم ئەنجامداوە، هەموو جیاوازیەکەی نێوان ئەم بەشەی کتێبەکەی کاک تەها سەلمان لەگەڵ ئەوەی لەئەنفالستاندا باوکراوەتەوە تەنها ئەو کەمە دەستکاریانەیە کە هەڵەی تەداکردوون و لەسەرەوە راستمکردنەوە. بەوانە (جینەسایدی گەلی کورد – پشکنین.. ئامارو زانیاری.. دیکەمێنت.
بەڵام نازانم بۆچی ناوی چوار لە دەربازبوانی گەڕەی بکەمەی هەڵاواردووەو ناوی هیچ کامیان (ئەبابەکرەلی و سدقی عەبدلقادرو فەتاح عەبدولقادرو بەنگین مستەفا)ی نەهێناوە ؟

کۆبوونەوەی ئەستانە درێژەی پێشەویەکانی روسیایە لەسوریا … نوری بەشیر

رۆژەکانی 23و24 کانونی دووەم، نوێنەری دەوڵەتی سوریا و ئۆپۆزسیۆن بەسەر پەرشتی سێ لایەنی " روسیا، تورکیا و ئێران" لەشاری ئەستانەی کازاغستان کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر دریژەی وەستانی جەنگ کە لەکۆتایی کانوون یەکەمی ساڵی پارەوە دەستی پێکردووە.
ئەم کۆبوونەوەیە بەسەرپەرشتی و تەرحی روسیا کراوە، ئەگەرچی ناوی سەرپەرشتی سێ لایەنەوە دەبرێتە پێوە، بەڵام پایەی ئەساسی روسیایە، هەروەک چۆن بەسەرپەرشتی و پێشەوی و هێزی ئاسمانی و زەوی روسیا شاری حەڵەب بەتەواوی گەڕانیایەوە ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، کەبەدوای سەرکەوتنی روسیا لەئۆکرانیادا لەبەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا، حەڵەب دووەمین سەرکەوتنیەتی و بۆ ئەمەش هاوپەیمانیەکی ناوچەیی و جیهانی لەدەوری خۆی وەک تەوازنی هێز کۆدەکاتەوە، وە دەرکەوتن و قوبونەوەو بەرزبونەوەی کۆشەکانی ناو باڵەکانی ئیمپریالیزمی جیهان و دەرکەوتنی وەک قوتبی مخالف لەبەرژەوەندی جیاواز بۆ بەشی زیاتر لەئاستی جیهان و ناوچەکەدا، بەتایبەت رۆژهەاتی ناوەاست کە ئێستا ناوچەیەکی ناجێگیرو پڕکۆشەیە، کەلەبەرامبەریدا دەبێت دەورەیەکی تازە دەست پێبکەن بەتایبەت بەدوای گەیشتنی تەوازنی هێزو پێشەویەکانی روسیا لەسوریادا.

ئەم کۆبونەوەیەی ئەستانە، زۆربەی لایەنەکانی بەشداربوو لە؛ روسیا، تورکیا، ئێران، کازاغستان، نوێنەری بەشار ئەسەد هەتا ستیڤان دیمستۆرا نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان و باڵیۆزی ئەمریکا لە کازاغستان کەبەشداربوون، بەئەڕێ وەسفی کۆبوونەوەکە دەکەن، وەک هەرسێ لایەنی " روسیا، تورکیا و ئێران" سەرپەرشتی ئیدامەی شەڕی وەستانەکە دەکەن. وە قەڕارە هەینی داهاتوو ژمارەیەکی زیاتر لە ئۆپۆزسیۆن لە روسیا لەگەڵ سەرانی روسیا دا هەر بۆ گفتوگۆ لەسەر درێژەی شەڕی وەستان و پێژەیەک کەروسیا خستویەتیە بەردەم بۆ چارەسەری وەزعی سوریا قسەی زیاتر و ئامادەیی زیاتر بکەن بۆ کۆبونەوەی تری ئەستانەو هەروەها قەڕارە لە شوباتی مانگی داهاتوشدا لە جنێف کۆبوونەوە بکرێت لەسەری. ئێلکساندێر لاڤرینتیڤی سەرکی شاندی رووسیا لەدووەم رۆژی کۆبوونەوەکەدا تاکیدی لەوە

کردەوە کە چاوەڕوانی وەڵامی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن بۆ کۆبوونەوە لەروسیا و بەشداری هەرچی زیاتری ژمارەیەکی زۆرتری ئۆپۆزسیۆن.

لەم کۆبونەوەیەی ئەستانەدا دەرکەوت، بەجیا لەبەشداری نوینەرانی بەشارو ئۆپۆزسیۆن و وەزیری دەرەوەی کازاغستان و نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان و باییزی ئەمریکاو هەروەها بەسەرپەرشتیاری روسیاو تورکیا و ئێران، بەڵام دەوری سەرەکی روسیاو بەرنامەیەک کەروسیا داینـاوە بۆ سوریا هەموویانی لەدەوری کۆ کردۆتەوە، بەڵام ئەمە یەکەم کۆبونەوە نابێت و لەقسەوباسەکان و تاکیدی دیمستۆرا دەردەکەوێت کەمەسەلەی کۆبونەوەی تری جنێف گرنگە بۆ بردنە پێشەوەی پرۆسەی گفتوگۆکەو ریکەوتنی زیاتر. بەو دەلیلە کۆبوونەوەی تری جنێف گرنگە کە ژمارەیەکی زۆر لایەنی تر لەئۆپۆزسیۆن و وڵاتانی ناوچەکە لەچەشنی سعودیەو قەتەر و هەتا وڵاتانی غەربی و خودی ئەمریکا، کە لایەن گەلێکی ترن لەدەخالەتیان لەهەلومەرجی سوریا و کۆبونەوەکانی جنێفی پێشوودا بوون و لەم کۆبونەوەی ئەستانەدا نەبوون، زەرورە بۆ بردنە پێشەوەی ئەو پرۆسەیەی کە روسیا و تورکیا و ئێران دەستیان پێکردوە بەشدار بن و کەتا ئیستا روسیا قسەیەکی پێچەوانەی لەسەر ئەمە نیە.

ئەوەی بەرچاوە، بەدوای گرتنەوەی حەبەوە، دەوری ئەمریکا لەسوریادا، جگە لەناوچە کوردیەکان، روو لەپاشەکشەو داشکانەو روسیا روو لەسەرە، کەئەم کۆبوونەوەیەی ئەستانە تاکید لەوە دەکاتەوە. لەبەرامبەردا ئەمریکا کاردانەوەکانی زیاتر لەعێراق چۆ کردۆتەوە، لەرێگای دەوڵەتی مەرکەزی و گرتنەوەی موسڵ و کار لەگەڵ ناوچە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمداو قەرارە کەسەفارەتێکی گەورەی لێبکاتەوە. بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت کەمەسەلەی سوریا کەلە 2011 وە دەست پێکردوەو زیاتر لە 11 ملیۆن ئاوارەو نزیکەی 400 هەزار کوژراو کاولکردنی ئەو کۆمەڵگایە، بووتە پەلەیەکی شەرمەزاری بەنیوچەوانی هەموو دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی و بەتایبەت ئەمریکاو هاوپەیمانە غەربی و ناوچەییەکانەوە، وە بنەبەستیان لەرێگاچارە بۆ سوریا بەتایبەت ئەمریکا، ئەمە بەزەرور ئەیسەپێنێ بەرسەر ئەمریکاو روسیا و هەتا وڵاتانی ناوچەکەش کەهەریەکەیان لە گژاوگێکی ئەزمەی هەمەلایەنەدان، کەرێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە بدۆزنەوە.

بەڵام بەهەردەرەجەیەک و بەهەر سیاسەتێکی سەرمایەداری و بۆرژوزایانەوەش بێت، وەستانی بەڵای ئەو جەنگەی بەرێیان خست و

دایانسەپاند بەسەر سەری خەڵکی سوریادا، بۆ هەموو خەڵکی سوریا و ناوچەکەش بەسودە، هەتا خەڵکی سوریا لەهەلومەرجێکی ئارمدا باشتر دەتوانن بیربکەنەوەو رێگای گونجاو بۆ ژیانێکی باشتر ببینەوە وەک لەو جەهەنمەی کەئێستا تێیدا ژیان بەسەر دەبەن، کەهیچ روخسارێکی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێوە نەماوە، هیچ ئیرادەیەکیان بۆ ئینسانەکان نەهێشتەوە تا بیربکاتەوەو هێزی خۆی ڕکخراو بکات، وە دەنگ دەربێت و بەرنامەیان بۆ ئایندەیان هەبێت.
25/1/2017

شۆی ئــــاوو..! ئامــدکردنی : ەشنا ەزا

ئاو یەکێکە لەگرنگترین هۆکاری مانەوەی ژیان لەسەر گۆی زەوی, هاوکات یەکێکە لەگرنگترین ئەو باسانەی کە کاریگەری زۆریان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێك هەیە. ئەم جگە لەوەی ئاو پێکهاتەیەکی گرنگە لەپێکهاتەی زیندەوەراندا, بەجۆرێك (75%)ی جەستەی مرۆڤ و (90%)ی جەستەی گیاندارانی لەئاو پێکهاتووە، هاوکات ئاو زیاتر لە (70%)ی گۆی زەوی دادەپۆشێت.

ئــــاوجگرەوەینییەلەگەڵ ئەوەشــــدا، بەڕاژەی (97%)ی ئــــاو لەئەقیانوسەکاندایە، کە بۆ خواردنەوەو کشتوکاڵو بەکارهێنان دەست نــادات، تەنهــا ڕاژەی (3%)ی ئــاوی جیهــان بۆ خــواردنەوە بەکاردەهێنرێت. بەوتەی پسپۆڕانی بواری ئاوی سەرزەوی، چاوەڕوان دەکرێت لەدواڕۆژدا شەڕی وەاتان لەسەر ئاو بێتو بەهۆیەوە جەنگی جیهانی لەسەر ئاو ڕووبدات، چونکە ئاو وەك یەکێك لەگرفتەکانی جیهــان دەرکەوتــووە، وەك چۆن نەوت بەشــەوەی نادڵــك دابەش بــووە، ئاویش بەهەمان شێوە.
پسپۆڕەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەگەر نەوت وەك وزە جگرەوەی هەبێ لەبابەتی وزەی خۆرو وزەی ئەتۆمی، ئەوا ئاو وەك کەرەسەیەکی پێویست بۆ بەردەوامی ژیان، هیچ جگرەوەیەکی نییە.
ئەم لەکاتێکدا ڕکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکــان هەشداریانــدا لەکەمبــوونەوەی ئــاوی ســەرگەی زەوی‌و رایانگەیانــد، ئەو بەڕ ئــاوە

شیرینەی کە هەیە لەداهاتوودا بەشی دانیشتووانی سەر زەوی ناکات.
بەپێی دواین ئامارەکان، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی گەی زەوی بەحەوت ملیار کەس دەخەمێنرێتو بەپێی پێشبینییەکان بە ساڵی (2050) ئەم رێژەیە بەرزدەبێتەوە بە (9.3) ملیار کەس، ئەو زیادبوونەش بەتەکەای (90) ملیۆن مرۆڤ لەساڵێکدا، کە هەر تاکێك ئەگەر لەساڵێکدا پێویستی بە(1000)م3 ئاو هەبێت، کەواتە بە ئەو (90) ملیۆن کەسە داخوازی لەسەر ئاو ساڵانە بڕی (90) ملیار م3 زیاد دەکات کە ئەم بڕەش یەکسانە بە بڕی ئاوی هەموو رووبارێ نیل لەساڵێکدا.

ئاوی کوردستان لەمەترسیدایە

هاوکات بەپێی توێژینەوەیەك کە بەناونیشانی سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان کە لەلایەن ئەنیستیتیوتی نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاوی کوردستان لەژێر هەڕەشەدایە، ئەگەرچی هەشتا نگەیشتەتە ئاستێکی مەترسیدار ئەگەر پلانی پێشوەخت بۆ رووبڕووبوونەوەی ئەو کێشەیە نەبڕێت، ئەوا قەیرانی کەم ئاوی کوردستان دەگرێتەوە. هاوکات لەکوردستاندا پێنج رووبارێ سەرەکی هەن، کە بڕی ساڵانەی کەکردنەوەی ئاویان (29.77) ملیار مەتر سێجایە. ئەوانیش (رووبارێ خابوور کە ساڵانە نزیکەی 1.6 ملیار مەتر سێجایە، زێی گەورە کە ساڵانە 14 ملیارو 32 مەتر سێجایە، زێی بچووك کە ساڵانەی 7.2 ملیار مەتر سێجایە، رووبارێ سیروان کە ساڵانەی 5.86 ملیار مەتر سێجایە، ئاوە سپی کە ساڵانەی 0.79 ملیار مەتر سێجایە) ئاو گل دەدەنەوە.

دیجلەو فوراتو نیلو ململانێی سیاسی

د.دیار عەلی محەمەد پسپۆڕی هایدرۆلۆجیكو سەرکی بەشی جیۆلۆجی دەڵێت:«زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاودا دەکرێتو تائێستا یاسا نێیتوانیوە ئەم کێشەیە بکات، هاوکات تائێستا نەتوانراوە لەلایەن پۆلیسی دارستانەوە کەنار ئاوەکان لەپیسبوونی ئاو بپارێزێت، نەك هەر لەناو کوردستاندا، بەڵکو لەوڵاتانی دەوروبەریش چەندین کارگە لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان دانراونو پاشماوەی ئەو کارگانە تەکەە بەئاوەکە دەبن».
ئەو پسپۆڕە باسی لەوەکرد، پێشبینی دەکرێت بەهەی ئاوەوە لەسەدەی بیستو یەکدا جەنگ هەبگیرسێت، زۆر هەکاری تریش بۆ جەنگ هەن هەر لەهەکارەکانی قەیرانی خۆراکەوە تاقەیرانی وزە، چونکە لەبیست ساڵی داهاتوودا رەنگە کەمی ئاو ببێتە هەکارەکی سەرەکی بۆ

کەوتنەوەی پشێوی سیاسیو کەمایەتی لەژهاتی ناواستدا، چونکە بەشی تاکە کەسی ئاو لەم ناوچەیدا بەراورد بەسانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو سانە (50% – 70%) کەمی کردووە، چونکە ئاو بەتە ململانێی نێوان وڵاتانی دراوسێو قەیرانی سیاسی بەدوای خۆیدا هێناوەو چەندین وڵات بەهۆی ئاوەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەوانیش دیجلەو فورات لەنێوان عیراقو سوریاو ئێران، رووباری نیل کە چەندین وڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەئێستادا ململانێ دروست بووەو کێشە لەنێوان وڵاتان بەهۆی کەم بوونەوەو گرتنەوەو دروستکردنی بەنداو هاتێتە ئاراوە.

بەفیڕۆدانی ئاو

د.دیار عەلی ئاماژەی بۆشدا، بەهۆی گەڕانکاریەکانی کێشوهەواوە، ئاوی سازگار کەمی کردووە بەتایبەتی لەکوردستان کە چەندین کارەزو کانی وشکیان کردووە، ئۆش مەترسی دەبێت بە هاتوو کە پێویستە هاووڵاتیان بێشۆەیکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ئاودا بکەنو بەفیڕۆی نەدەن، چونکە لەزەرەك لەوڵاتان نرخی ئاو نزیك دەبێتەوە لەنرخی سووتەمەنی.

خواست لەسەر ئاوی شیرین زیاد یکردووە

خالید سلێمان نووسەرو رۆژنامەنووس، کە چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو ئەنجامداوە بە کوردستانی نوێ وتی:«ژمارەی دانیشتووان لەسەدەی رابردوودا بەهۆڕەی سێ ئەوەندەی هاران زیادی کردوە، رۆژەی بەکاربردنی ئاو شەش ئەوەندە بەرزبێتەوە، گۆشەی سانەی دانیشتووانیش کە 83 ملیۆن کەسە سانە پێویستی بە 64 ملیار مەتر چوارگۆشە ئاو هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لە 97.5%ی ئاوی گەی زەوی ئاوێکی سوێرە، واتا تەنیا 2.5 %ی ئاوی سازگارە، ئۆش وایکردووە سێ بەشی ئاوی سازگار بە بەرهەمهێنانی بەروبووومی کشتوکاڵیو دابینکردنی خۆراکی هاڵیهانی بەکاربهێنرێت.
ئەو رۆژنامەنووسە باسی لەوەشکرد، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی جیهان، داواکاری لەسەر ئاوی سازگارو خاوێن زیاد دەبێت، ئەم زیادبوونەش دەخێکی مەترسیداری لەدەکەوێتەوە ئەگەربێتو شێوازی بەکارهێنانو مامەڵەکردنمان بەرامبەر ئەم سەرچاوە سروشتییە نەگۆڕین، ئەوا مەترسییەکی گەورە رووەدات.

نەبوونی هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو

خالید سلێمان وتیشی: «یەکێك لەو گرفتانەی کە لەکوردستانو عیراقو ناوچەکەدا هەیە، نەبوونی هۆشیاری خەڵکە، کە ئاوەش وایکردووە ڕۆژانە بەکی زۆری ئاو لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بەفیڕۆ بچێتو کێشە دروست ببێت». ئاو دەڵێت: «بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانیش یەکێکی دیکەیە لەو کێشانە کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئاو، بەیەکەوە پەیوەستە ئاو بەفیڕۆ نەڕوات، پەیوەستە حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرنامەی پتەویان هەبێت بۆ بەکارهێنانی ئاو، کە بەداخەوە تائێستا پرسی ئاو نەکراوە بەپرسێکی ڕای گشتیو لەگەڵی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو ئاینییەوە ڕەگەڵ لەبەفیردانی ئاو بگیرێت، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت ئاو بڕی، کە زەر شارستانی هەبووە هۆی نەبوونی ئاوەوە لەناوچوون».

کوردستان خاوەنی زەرترین سامانو سەرچاوەی ئاوی شیرینە. بەجگە لەو سەرچاوانەی لەسنوورە شاخاوییەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەڕژنە ئەمدیو، سەدان هەزار کارێزو چەمی هەیەو هەموویان ئاوی شیرینن.
ئەمەش لەکاتێکدایە کە تووژڕانی نەوەدوەتیو ڕکخراوە ژینگەییەکان هەشداریان داوە، تاساڵی ٢٠٢٥ قەیرانی کەمبوونەوەی ئاوو وشکاییهاتنی بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی ئاوی شیرین سەر هەڵدەدات لەگشت جیهاندا. هەر بۆیە پێشبینی کرا ئەم سەدەیە، سەدەی ململانێو شەڕبێت بۆ دابینکردنی ئاوی شیرینو لەبایەخی ئەو شتەی لە سەد ساڵی ڕابردوو بۆ نەوت کرا، کەمدەکاتەوە، چونکە دەرکەوت نەوتو وزە بەدیلیان هەیە، بەڵام بەدیلی ئاو هەر ئاوەو هیچی تر.

30 بەنداو دروست دەکرێن

چوار ڕووباری سەرەکی کە بریتین لەزێی گەورە، زێی بچووك، سیروان، ئاڵوون لەخاکی ئێرانەوە دەڕژنەوە ناو هەرێمی کوردستانەوە. ئێستا لەسەر پارێزگای ئەم هەرێمە، سێ بەنداوی سەرەکی هەن (دوکان، دەربەندیخان، دهۆك) لەگەڵ هەشت بەنداوی بچووكو 65 ئێستێرك (پەند) کە لەبەنداو بچووکترەو ئاوی تێدا گل دەدرێتەوە. هەروەها ئێستا پڕۆژەی 30 بەندەوی دیکەی گەورەو بچووك لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەژێر جێبەجێکردنان.
بەنداوی دەربەندیخانو دوکان لەپارێزگای سلێمانی، توانای دابینکردنی ئاوی شیرنیان هەیە بۆ ڕووبەرێکی زۆری هەرێمە عەرەبییەکانی عیراق، بۆیە لەهەر ناکۆکییەکی سیاسی نێوان بەغداو

هەولێردا، هەرەمی کوردستان دەتوانێ وەکو کارتێکی سیاسی ئاوێ بە کاربێنێو تەنگ بە بەغدا هەڵبچنێ. بەپێی راپۆرتێکی سایتی نیقاش هەرچەندە لەهەرەمی کوردستان ئاو هەموو سەرچاوەو کارەزانێ هەن، بەڵام شارەزایان دەڵێن سەرباری هەوڵەکان بۆ دروستکردنی بەنداوی تازە، وەکو پێویستە کەڵك لەو ئاوە زۆرە وەرنەگیراوە کە لەکوردستان هەیەو ساڵانە ملیاران لیتر ئاو بە فیڕۆ دەچێ.
ئەکرەم ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی بەنداوو کەڵگانی ئاوی کوردستان ڕایگەیاند، ئاو بەنداوانەی کە ئێستا لەهەرەمی کوردستاندا هەن، توانای گلدانەوەی نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوییان هەیەو مەترسی هەرەسهێنەکی بەردەم ئاو بەنداوانە، دروستکردنی بەنداوە لەوماتانی ئێرانو تورکیا کە بەشی هەرەزەری ئاوی کوردستان لەو سەرچاوانەوە دەژێن.

وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو

کەماری ئیسلامی ئێران لەپارێزگاکانی سنەو کرماشان لەکوردستانی ئێران، خەریکی دروستکردنی زیاد لەسێ بەنداوو تونێلی گەورەن، بەتەواوبوونی ئاو بەنداوو تونێلانە، ئاوی کوردستانیش دەکەوێتە بەر مەترسی وشکبوون.
ڕەحمان خانی بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان هۆشداری ئاوی ئەداوە، دوای تەواوبوونی ئاو بەنداوانە، سێ لەسەر چواری ئاوی ئەدەریاچەی دەربەندیخان کەم دەکات کە ئەمەیش بەکەمی زۆرە بۆ بەنداوی پێ بایخی دەربەندیخان.
کاروان عوسمان ساحیبقران هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەبواری جیۆلۆجیو ئاوی ژێر زەوی. گەشبینە بڕوای هەرەمی کوردستان لەو مەترسیانەی لەداهاتوو لەسەر ئاو دروست دەبن، زۆر ناکەوێتە بەر مەترسی. چونکە ئەم هەرەمە بە خەی توانای دابینکردنی ئاوی شیرینی هەیەو پێویستی بەو نییە لەوماتانەوە بێ هاوردە بکرێت.
ساحیبقران وتی: «کوردستان بەگشتی لەتورکیاو ئێرانو عیراقیش، بە خێیان سەرچاوەی گەورەی دابینکردنی ئاوی شیرینن، بەرچاوترین سەرچاوە دیجلەو فوراتە کە ئێستا لەبن دەستی تورکیادان. هەرەمی کوردستانیش بە خەی سەدان هەزار سەرچاوەو کانیاوی هەیە کە توانای دابینکردنی بەکەمی زۆر ئاویان هەیە. ئەم هەرەمە وەکو ئیسرائیلو ئوردن نییە تا ئاو هاوردە بکات. بەکەو دەتوانێ ئاو بە بەشکەی زۆری عیراقیش دابین بکات».

مامەڵەکردنی ژیرانە

کاروان وتیشی: «بەڵام گرنگ ئەوەیە بە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو سەرچاوەو کانیاوە زۆرانەدا بکرێتو لەبەندەوو (پەند)دا کە بکرێنەوو بەسیاستێکی ژیرانە کۆنکی لەوەر بگیرێت. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بباشی مامەڵە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا بکات، سبەینێ دەتوانێ بە فشاری سیاسی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بکاریبهێنێ».
ئێستا ئەم هەرەمە خاوەنی ١٢ بەنداوی گەورەو بچووکەو زیاتر لە ٣٠ بەنداوی دیکە لەکاتی جێبەجێکردنەو دروستکردندانەو تاچەند ساڵی داهاتووش دەبێتە خاوەنی ٤١ بەندەاوی جۆربەجۆرو هەروەها ٦٠ ئێستڕك (پەند) کە لەبەنداو گچکە ترەو ئاوی تێدا گلدەرێتەوە. ٥ وەك هەندێ لەچاودێران دەڵێن ئەمانە ژمارەو ڕژێیکی باشن بە ئاوەی هەرەمی کوردستان لەو شێوەی پێشبینی دەکرێت لەسەر مەسەگەرکردنی ئاو بەرپابێت، بەچەکێکی بەهێزەوە بەرگریی بکات.

دوور ناخایەنێت جەنگی ئاو باوکی جەنگەکان دەبێت، ئەو جەنگە جەنگەکی ئاینی، مەزهەبی، ئایدۆلۆژی، فراوانخوازی(خاک) نابێت، بەڵکو جەنگەکە شەرعیەت لە تێنوەتی وەردەگرێت، ئەو جەنگە هێزەکەی سەد بەرامبەری ئەو هێزە دەبێت کەخوداکان و ئایدۆلۆجیاکان بە هشتنی خوێنی ئەوانی تر بە جەنگاوەرەکانیان دەیبەخشن.جەنگێك کە تیایدا مرۆڤەکان لەپێناوەدا شەهیدەکەن بە ویژدانێکی ئاسودەوە، وەك چۆن پێنگێك ئاسکێك قوت دەدات و هیچ مەسەلەیەکی ئەخلاقیش لەگەڵدا نییە!چونکە ئەگەر بە جەنگەکانی ئابردوو بدەیلەك هەبوبێت، کە لەسەر بەدەستهێنانی خاک یا نەوت بووبێتن، ئەوا شتێکی ئاو، شتێکە ئێگەی دووەمی نییە ،بەنمونە ئەگەر نەوت تەواو ببێت ، ئەوا ئەتوانرێ سود لەسەرچاوەیەکی تر وەربگیرێت، وەك وزەی خۆر، بەڵام کەم بونی ئاو سەرچاوەیەکە بەدیلی نییە .
ئەگەرچی ئاو زیاتر لە ٧٠%ی گۆی زەوی داپۆشیوە، بەڵام٩٧ %ی ئاوی دەریاو زەریاکانە و بەکەڵکی خواردنەوە نایەت و لە٣ %ی بەخواردنەوە دەشێ و سازگارە. دیسان ئەم ڕژێ سازگارەش بەشەویکی یەکسان دابەش نەبووە، بەیە ئەو وەتانەی کە ڕژێیکی کەمئاوی سازگاریان هەیە، دەبێ پارەیکی زۆر خەرج بکەن بە دەستخستنی ئاوی سازگار و پاککردنەوەی لە ئاوی سوێر.
لەئێستادا بە هەی کەم ئاوی،یان نەبونی ئاوی خاوێن لە هەر دەقیقەیەکدا -٧-کەس دەمرن،بە پێی ئاماری (سندوقی گەشە پێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان)،١٨%ی دانیشتوانی جیهان ئاوی خاوێنیان دەست ناکەوێت و پێشبینی دەکەن بەساڵی(٢٠٢٥)ڕێژەکە بەرزببێتەوە بە لەسەدا سی و سێ ،واتە یەک لەسەر سێی دانیشتوانی

جیهان.

بەیەکەم شارەزایان دەڵێن"سەدەی بیست ویەک، سەدەی ئاو دەبێت" و ئاو وەک بزوێنەری جەنگ بەخەرایی جێگای نەوت دەگرێتەوە. ئێستا جیهان لەڵەواری جەنگی ئاودایە، وەڵێ جەنگی ئاو جەنگێکی پەنهانە و زەربەی کەشمەکەش و ئاڵۆزییەکان لەنێوان دەوڵەتان پەیوەندی بەدەست بەسەرداگرتی سەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە و لەپێنجا ساڵی ڕابردو ٣٠٠ حاڵەتی گرژی لەنێوان دەوڵەتان ڕوویداوە.
لەهەمانکاتدا سەدەی بیست ویەک سەدەی بەنداویشە ، وەتان لە پشبەکەیەکی مەزندان بەدەستگرتن بەسەر ئاوی ڕووبارەکاندا و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕودانی جەنگی ئاو.
بۆچی دەڵێن سەدەی دروستکردنی بەنداوگەورەکان دەبێت؟چونکە ئەو بەنداوانە کە بەرزییان لە ١٥میتر زیاترە تائێستا(٤٠٠٠)بەنداوی گەورە دروستکراوە لەجیهاندا، بەڵام لەئێستادا ٤٥٠٠٠هەزار سەد لەجیهاندا پڕۆژەی پشنیارکراون و یاخود کاریان تێدادەکرێت و لە پێنجاساڵی ڕا بردودا ٨٠ ملیۆن کەس بەهۆی دروستکردنی بەنداوەکان گوندەکانیان چۆڵکردووە. لەگەڵ کەمتر بونی ئاو کەشمەکەشەکان زیاتر دەبن و دەمامکی شەڕی ئاو لادەدرێت .
لەئێستادا لەکیشوەر(قارە)ی ئاسیادا هەریەکە لە وەتانی(چین ،نیپاڵ، هیند، بەنگلادش)کەشیان لەنێواندایە لەسەر دەستگرتن بەسەر ئاوی ئەو ڕووبارانەی لە چیای (هیمالایا)وە سەرچاوەدەگرن.
لە ئەفریقا کەشی دەستگرتن بە سەر سەچاوەکانی ئاودا لەنێوان(کینیا،سومال، نیجیریا ،مالی و چاد)دا هەیە.

کەشی کەمبونی ئاو، بەتایبەت ئاوی خاوێن کەشێکی جیهانییە، نەک تەنها پەیوەندی بە ئاسیا و ئەفریقاوە هەبێت،یاخود بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.
بەڵام ئەوەی کەشەکەی قورتکردەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا ئەوەیە، کە ١%ی ئاوی سازگار لەم ناوچانە هەیە لەکاتێکدا لە 0%ی دانیشتوانی جیهانی هەیە. شەڕی دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ئاو دەمەکەدەستی پێکردووە.ئەگەری ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا ئیسرائیل و تورکیا هەکاری هەگیرسانی جەنگی ئاوبن. لەهەمانکاتدا براوەشبن. هەریەک لەم دو وەتە (ئیسرائیل و تورکیا) دەمەکە یاریەکیان دەست پێکردوە و توانیویانە، لەم مەیدانەدا ئاسپی خێیان تاوبدەن. ئیسرائیل – کە بە دەوڵەتی تینوی ئاو ناوی دەرکردوە، لەبەرئاوەی ٢/١ی ئاوی ئەم وەتە هی خۆی نییە و ناکۆتە ناو سنوری دەوڵەتەکەی. بەیە (ئیسرائیل) لەدوای شەڕی

شەش رۆژە (ساڵی ١٩٦٧)، دەستی بەسەر سەرچاوەی ئاوی بەرزایەکانی جەلان(لە سووریە) داگرتوە، کەسەر چاوەی ئوباری ئەردەنە.هەروەها تورکیاش بەدروستکردنی "پڕۆژەی گاپ" (کە دروست کردنی ژمارەک بەندئاوە) شڕەی ئاوی دەستپێکردووە کە پڕۆژەی ئاتاتورکە لەسیەکانی سەدەی ڕابردوو.بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی خوێندکارانی سیاسیەستی کورد لە ئەوروپا (سەکسە) وڵاتی تورکیا لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە کار لەسەر پڕۆژەی خاروی ئێنادۆ دەکات کە بە (گاپ) ناسراوە. ئەم پڕۆژە گەورەیە پێکهاتوە لە ٢١ بەنداو، ١٧ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا، ٣٠ی سیستەمی ئاودێری، لە ١٣ پڕۆژە پێکهاتوە، کە بەتەهای ژێرئاوکەوتنی ١٥٥ گوند و کەم کردنەوەی سەوزایی و لەناوچونی ٥ ملیۆن سەر مەڕ و ٢ ملیۆن سەر بزن .
بەگومان ئەم پڕۆژەیە دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی نێتەوەیی تورک، لەسەر حیسابی نێتەوەی کورد و دروستکردنی مەترسی ئاسایشی نێتەوەی بە گەلی کورد لە داهاتودا.
لەگەڵ ئەوەی خواست بۆ ئاوی خاوێن زیاد دەکات و ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی دانیشتوان لەزیاد بوندایە و بەشێکی خاکی وڵاتان مەترسی بەبیابان بونی لەدەکرێت و ڕۆژی ئاویش بەڕەبەر کەم دەکات؛ بەڵێ تادێت لەمەترسی شڕەی ئاو نزیک دەبینەوە و ڕەنگە لە ئایندەدا ببیتە هۆی پێکدادانی چەکداری و شڕەکی خوێناوی و کارەساتی مرۆیی گەورەی لێبکەوێتەوە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان "زەڕەی ڕەش" و "زەڕی سپی"دا

مەبەست لە زەڕەی ڕەش و زەڕەی سپی لە نەوت و (ئاو)ە . وەک دەزانین کێشمەکێشەو جەنگەکانی ڕابردو ئەگەرچی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارەسات و وێرانی و .. یان بەدواوە بوە، بەڵام "زەڕەی ڕەش" واتا "نەوت" فاکتەری سەرەکی چاوتێبڕینی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بوە، بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام وەک چاودێران پێشبینی دەکەن جەنگ و کێشمەکێشەکانی داهاتو لەنێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات دا، لەسەر زەڕەی سپی دەبێ و پەدەچێ جەنگی خوێناوی لێبکەوێتەوە، نەک لە بەرئاوەی ئەم وڵات یان ئەو وڵات بەتەواوەتی سەربەخۆ، بەهای سامانی (ئاو)ەوە؛ بەڵکو لەبەرئاوەی سەربەخۆیی لەدەست نەدەن و نەخنکێن. واتە کێشە کە لەوە گەورەترە، کە لە راستیدا کێشەی مان و نەمانە.
ئاخۆ کورد لەکوێی شڕەی ئاودایە؟چی کردووە و چ ستراتیجێکی هەیە بەجەنگی ئاو؟ ئاوەش کاتێک بایەخی هەیە کە بزانین دوو ڕووباری گەورەی ناوچەکە (دیجلە و فورات) لە کوردستان و شاخەکانی

کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن.

سەرچاوەکان :

- کوردستانی نوێ ،اپۆرتی : هەڵۆ یاسین .
- سایتی هەڵوێست: جەنگی ئاو ..نوسینی ..محمود عبدوڵا .

دە بەت ترافیکی سوور بە ووی پارتی و یە کێتی هە بکرێت … بەستون کافرێشی

لە دوای مەژووی ڕاپەڕینەکەی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و دامەزراندنی حوکمەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە ڕەوبردن و دەسەڵاتەکان لە لایەن دووهەزی سیاسیەوە پاوان کران ، هیچ شتێک نەما بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بە هاوڵاتیان و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان نەیکەن ئەوانیش یەکێتی و پارتی بوون ، ئەم دوو پارتە بە هەی ململانێ و دژبەیەک و پێرەوکردنی سیاسەتی چەوتانە وە باردۆخی هەرێمی کوردستانیان بە ڕەو ناسەقام گیری و نائارامی برد ، لە یەکەم هەنگاوی ئەم دوو لایەنە و لە یەکەم بەرجەستەکردنی پرسەی دیموکراتی کە دروست کردنی پەرلەمان و هەڵبژاردن بوو ، لە بەر هەزم نەکردنی ئەنجامی پرسەکە و قبوڵ نەکردنی یەکتری وەک براگەورە کەوتنە ململانێ و گرتنەیەخۆ و گەردنەیەکتری ، یەکەم هەنگاویشیان بریتی بوو لە بەرپاکردنی جەنگی ناخۆی کوردستان ، کە بە هەی شەی ناخۆییە وە هەزاران هاوڵاتی نیشتیمانی کردە بەرژەوەندی و خواست و ئارەزووە تاک لایانەی خۆیان ، هەروەها چەندین ماڵ وێرانیان بەسەر ماڵی کوردا هێنا ، لە جیاتی یەک ریزی ماڵی کوردی و دیاری کردنی سنوری کوردستان ماڵی کوردیان پەرت کردو سنوری دەگەڵ هەیان دروست کرد ، ئەمەش کاریگەرهەکاربوو لەسەر دواکەوتن و لەدەستدانی تەواوی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان ، ململانێ و هەنگاو

خراپ کانی ئم دووهەزە سیاسی ی ناو کایە ی سیاسی کوردستان پە ڕەی سە ندو باردۆخە کە بە ڕە و لوتکە ی ناجێگیر ی و نائارامی و چە ق بە ستووی بەردە وامی پێدرا تاکو ێیستاش بە ردە وامی هە یە ، بە تایبە تی باردۆخی ناوخۆی و ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی کوردستان لە و پێی نائارامی و ناجێگیردا گوزەر دەکات ، چاوەڕوانیەکانی هاوڵاتیش گەیشتۆتە ئادیەک کە هیچ ئومێدی بە چارسەری بە باردۆخە نەماوە ، چونکە پارتی و یە کێتی هیچ شتێک و هیچ هەنگاوێک خراپ نە ماوە نە یکە ن دە رحە ق بە هاوڵاتیانی کورستان هیچ هەنگاوێکی خراپ و دە ست درێژیەک نە ماوە کە دە ربارە ی ژیانی تاک بە تاکی کوردستان نەیکەن ، ئە وە ش مەدلی دەوڵەت داری و بە ڕەوبردنی ئابردوو و ئێستا و داهاتووی پارتی و یە کێتی کە پیادەی دە کە ن ، بە تایبە تیش پشکی شێر لەم جۆرە دە وڵە تداریيە و تێکچونی باردۆخە کە بە ر پارتی دە کە وێت ، چونکە ێوون و ئاشکرایە لای تاک بە تاکی کورد و نەتەوەی کورد لە هە ر چوار پارچەی کوردستان مێژوو گواهیدەری ئەو راستی یە کە مێژووی پارتی لەوان لەوە لە شەری برا کوژی و خوێن رشتن و دزین و بە تاڵان بردن و سەروەت و سامانی میللەت و قەرخ کردنی دەسەلات و شکستپێهێنانی شەرش و بزتنەوەی رزگاریخوازی گە لی کورد و لێکترزانی ماڵی کورد ، هیچ سەرکەوتنێک و دەست کەوتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە مێژووی پارتیدا نابینیت. لە رابردو و ئێستاشدا پارتی هێکاری سە رە کی تێکچون و ئاوەزبوون و خراپ بوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانە ، چونکە ئەگەر بەین باس لە دە وڵە تداری پارتی لە دوای راپە ڕینە وە بکە ین گواهیدەر دە بن ، کە پارتی هێکاری سە رەکی بو تێکچونی باردۆخە کە ، ڕاستیێکان ێوون ئاشکرایە کە پارتی:

1. ١ – لە یە کە م هە نگاویدا لە گە ڵ یە کێتی پێکە وە شە ری برا کوژیان بەرپا کرد و دواتر دە ست بە سە رگرتنی داهاتی گومرگی ابراهیم خە لیل.
2. ٢-پارچە پارچە کردنی هە رەمی کوردستان و دانانی سنوری دەگمە نێ پێکە وە لەگەڵ یە کێتی ..
3. ٣-بەرپاکردنی شەڕی براکوژی لە گە ڵ پارتی پارێزگاران کوردستان .
4. ٤-بوونە سوورە ی بەر لەشکر و سوپای عێراق بە سەرپەرلەمانی کوردستان کە دوژمنی سەرسەختی گە لی کوردە لە باشوری کوردستان.
5. ٥-دوبارە بوونە سوورەی بەر لەشکری تورکیا و هێنانی سوپای تورکیا بە ناو خاکی کوردستان کە دوژمنی سەرسەختی دێزی خە باتی نە تە وە ی کوردە.

6. دەرکردن و دەربەدەرکردن لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی خەیان وهەڕەشە و بە دیل گرتن وزیندانی و کوشتنی لایەنگرانی یەکێتی لە هەولێرو کە بە هەمان شێوەیە کێتیش ئێ و سیاسەتێ ی ئێ نجامدا لەزەنی خۆی، کە ئامانجی سیاسەتی (تەرحیل و تەبعیس)ی رژێمی رووخاوی سەدام بوو ، کە ئامانیش کردیان.
7. -فەاندن و کوشتن وکپکردنی دەنگی ئازاد و ناڕازایەتیەکان لە هەردوو زۆنی زەرد و سەوزدا بە تایبەت لە زۆنی زەرد.
8. -هەوڵشکردن و فەاندن و کوشتنی رۆژنامەنووسانی ئازاد و دواتر دارشتنی سیناریۆی ناپاجێ و تەمەت دروست کردنی ناڕەوا بۆیان.
9. -هەڕشکردن و سوتاندنی بارەگای لایەنە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیون لە زەنگی زەرد.
10. -ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان ، کە گەورەترین پرۆسەی دیموکراسیە بۆ دەستا و دەستکردنی دەسەڵات لە نەو گەلانی جیهان .
11. -هەڕش کردنە سەرخۆپیشاندەران و دەنگی ناڕازایی شە قام بە چەک وکوشتن وبریندارکردن و دەستگیرکردن و زیندانی کردنی خۆپیشاندەر بە مناڵ و گەنج و ژن و پیاو و گاڵتە پێ کردن بە هەست و داوا و مافە رەواکانیان.
12. – دابە شکاری و قەرخ کردن و پاوانکردنی سەرجەم جومگە گرنگەکانی دەسەڵات لە لایەن یەکێتی و پارتی و هەردوو بنە ماڵەوە.
13. شکاندن و هەڕش کردنە سەر مزگەوت و شوێنە ئایینی و لابردن و دوورخستنەوەی مامۆستایانی ئایینی لە کار کانیان لەکەدارکردنی هەستی و تەرکردنی مامۆستای ئایینی کە ئامە هەڵی سوورە لای کەمەوگا.
14. -دزینی نەوت و بە تاڵان بردن و بەهەدەردانی داهات و سەروەت سامانی گشتی ووڵات لە لایەن پارتی و یەکێتی یەوە.
15. بەینی قوتی هاوپاتیان و پیادە کردنی سیستەمی نیوموچە و نەدانی موچە بە پێشمەرگە و فەرمانبەران و هاوپاتیانی کوردستان ، کەمترخەمی و بە باکی لە بەرامبەر بە جەهشتن و کەچی بە لەشاوی گەنجان و بوونە قوربانی ئەو وتوێژە ی کومەگا کە بە هەی بە کار ی و بە ئومیدیەوە ئەو بارودۆخە ناجیگیر و ناسەقام گیری ئەو دوو لایە دروستیان کردووە لە کوردستان.
16. دەرکردن و ناردنەوە ی وە زیرە کانی گەان و دەرکردن و ەگری کردنی سەرەک و ئەندام پەرلەمانکانی لایە ئۆپۆزیسون و هەندە لایە نی تری کوردستان و داخستنی دەرگای پە رمان و شکاندنی

یاسا و حەرەمی پەرلەمان کە ئەویش یەکێکە لە هێزە سووڕکان لای کەمەلگا لە لایەن پارتی و بنە ماڵەی بارزانیەوە.
17. – دەست تێکەڵاو کردن و پێ یوەندی ژێر بە ژێر لەگەڵ دوژمنان و نەیارانی سەرسەختی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە هەڕچوار پارچەی کوردستان.
ئەمە خەرواری مەدەلی دە وڵەتداری پارتی و یەکێتی یە ، ئەوە مەژووی پارتایەتی و دە وڵەتداری پارتی و بنە ماڵەی بە رزانیە لە ڕابردوو لە دوای ڕاپەڕینەوە ، پارتی هەموو سنووڕکان و هێزە سووڕکانی یاسا و کەمەگای شکاند بە بە هیچ بە ربەستێک هیچ بە ربەستێکی ئەو تە نابوو بە ڕێگری کردن لە ی چونکە شەریکێکی بەهێزی هەبوو لە دە وڵەتداریە کە دا هەروەها ش تاکو ئێستاش نە لایەنە سیاسیە کان و نە ڕێکخراوەکانی کەمەگای مەدەنی و نە سەرجەم چین و تێژەکانی کەمەگا بە باوەڕێکی تەکەم و پێکەوە بە یکگرتووی و یەکیەزی ڕێگا لە پارتی و بنە ماڵەی بەرزانی بە نمونەیەک ڕێ لە پارتی لە کایە ی سیاسی بگرن ، ئەوەشی هەبوو تە نها خە لکی نارەزایی شونیک یان چە ند پارێزگا یەک بوو کە زۆنی سەوز دابووە ئە وە ی پارێزگاکانی شیوازی پەرچەکردار بوو بە ئە نجام بووە. بۆیە ئێستا کات و ساتی ئە وە هاتوو ە کە سە رجە م ڕێکخراوە کانی کەمەگای مەدەنی و لایەنە سیاسیەکانی تری ناو کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان و سە رجە م چین و تێژە کانی کەمەگا بە گشتی بە یەکەوە بگرنە بەر بە وەستاندنی هە نگاوە خراپە کانی و ئەو جۆرە دەوڵەتداریە ی پارتی و هاوپەیمانەکانی بەرن لەرە ئە و شەوازەتان لەدەوڵەتداریە کەتایی پێ دێت ، ترافیکی سووری هە میشە یی بە هێزی پارتی و بنەماڵەی بەرزانی و شەوکانی ئە وان هە ڵبگیرسێنن ، چیتر ڕێگا بە هە نگا و خراپەکان نەدرێت بە خراپ کردنی باردۆخی سیاسی و ئابووری و کەمەایەتی ناوخە و دەرەکی هەرێمی کوردستان و لە باربردنی دەستکەوتەکانی خەباتی چە ند ساڵە یی گە لی کورد لە باشووری کوردستان.

بەرحەم گەرم داتەدەپشم

ستار ئەحمەد.....

بەیانییە
باسکم لە تەم هەڵدەکەشم
هەور دەکەم بە کراسێك
لە ئاورەشم
پەلی نەرمە بایەك دەگرم
پەم خەشە لە کەشی نەرمی
ژیلە ژنی چیا بمرم
هەنگاوەکانم دەشکێنم
ریچکەیەك لە نوور وەردەدەم
ماچێك لە نەرگز دەسێنم
لەگەڵ شەکرە شیعرو بەفرا
بە تاریکی دەپێچمەوە
شەوێك درەنگ بە تی دێنم
روونا کی مانگ دەچنمەوە
لە تیلەی وردە ئەسرینما
بە تەنیایی و بەداربوونت
لەژوور سەرت دەیسووتێنم
ترست نەبێت لەزرزیان و
دەستی سەرما
بەرحم گەرم داتدەپێشم
چ مەشخەڵکی گوڵەنگە
گەکانی سەراپای لەشم